مرۆڤی شیوعی کۆن نابێت

کۆنە شیوعی یا جاران شیوعی بوو ئەو زاراوانە بووە بە کۆڵتووری حزبی شیوعی کوردستان و بەو شوعیانەی دەفڕۆشن کە لە دەرەوەی ڕێکخستنی حزبی شیوعی کوردستانن یان وازیان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کوردستان هێناوە . جاران پەیوەندی ڕێکخراوەیەی [تەنزیمیان] هەبووە و ئێستاکەش لەبەر هەر هۆیەک بێت وازیان لە ڕێکخستنی حزبی شیوعی کوردستانی هێناوە و بۆ خۆیان شیوعیین و بەبێ ئەوەی چاوەروانی هەوڵەی شیوعیەت بوون لە حزبی شیوعی کوردستان بکەن شیوعیاتی خۆیان دەکەن . هەندێک لەوانەی کە بە کۆنە شیوعی خەڵکانێک تاوانبار دەکەن بەر لەچەند ساڵێک بۆخۆشیان بەکۆنە شیوعی دەژمێردران پاشان بە وەرگرتنی هەوڵەی ئەندامێتی حزبی شیوعی کوردستان کۆنایەتیەکەیان لەسەرخۆیان لابرد . هەنووکەش ڕەنگە ئەو سستیەی حزبی شیوعی کوردستان و دابڕانی لە کۆمەڵگای کوردەواری ، کەمۆکەکی بکەوێتە سەر شانی و دەبێت بەرگری لە ڕەخنەکانیش بکات . شیوعیەت کۆنی نی یە ئەوەی بیەوێت خزمەتی ئەو ڕێبازە بکات دەبێت لەگەڵ نوێبوونەوە و گۆڕانکاری یەکان خۆی بگونجێنێت ئەگەرنا شیوعی نی یە شتەکی تر . ئەو کەسەی دەربارەی سیست بوونی حزبی شیوعی دەنوسێت هەق نی یە مۆری کۆنی پێوە بنرێت لەبەرچاوی خەڵکی سووک بکرێت . دەبا ئەو کەسەی وازیشی هێنابێت و ئیستقالەشی دابێت دەربارەی حزبی شیوعی کوردستان بنووسێت خۆ دنیا کاول نابێت و ناروخێت . دەبا شیوعیەکانی ناو ڕێکخستنی حزبی شیوعی کوردستانی ئەوەندەیان بۆ بکرێت وا لەوانە نەکەن ڕەخنەیان لێبگرن و با ببنە خاوەنی ئەو جەماوەرە ڕەش و ڕوتەی کوردستان و لەبەردەم کرێکارانی کوردستان ببنە ڕابەر و لە پێشەوەی خۆپیشاندانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان بن و داواکاری یەکانیان بە گوێی دەسەڵات دابدەن . ئەوە شیوعییەکوردستانیەکانن پێ یان ناخۆشە حزبێک کە خۆی بە خاوەنی شیوعیاتی لە کوردستان بزانێت بەڵام سەدا یەک[1%] دەنگی خەڵکی کوردستان بەهەموو چینەکان نەهێنێت ئەگەرچی شەش حزب و ڕێکخراوی تریشی بەدوای خۆی ڕاکێشابوو . جا ئەو شیوعیاتی یە بەڵای کێ وە کۆن و تازە و نوێ ی هەیە . باوی ئەو ڕەخنۆکانەش نەماوە ئەوەی دەربارەی حزبی ذیوعی کوردستان بنووسێت بە چاوی دوژمن سەیربکرێت . ئیتر دەبێت سەرکردایەتی ئێستاکەی حزبی شیوعی هەوڵبدات بە ڕوحێکی تر زمانی دیالۆگ بدۆزیتەوە و هەوڵبدات بزانێت بۆچی ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی واز لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کوردستان دەهێنن . ئەوا شیوعییە کوردستانییەکانن دەتوانن لە هەموو قەیرانێک خۆیان دەرباز بکەن و سەربەرزانەش ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن بکەنە بناغەی کاری چاکتر . من لە دوو بانەگوازی جیاوازدا ڕاوسەرنجی خۆم دەربڕی وە و خۆشم بە کۆنە شیوعی هیچ کاتێک نەهاتۆتە بەرچاو .

بۆ ئەوەی بانگەوازەکان بخوێنیتەوە دەتوانن سەیری سایت و ماڵپەڕەکانی کوردی بکەن . بۆ ڕۆژنامەی [ڕێگای کوردستان]یش ڕەوانە کراوە ئەگەر بێت و سەرنج و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بە ڕوحێکی دڵسۆزانە بڵاوی بکەنەوە .

فەهد گردەوانی 2010/1/13 ستۆکهۆڵم